DonnaOckenden

Donna Ockenden Ltd. First Floor, 31 North Street, Chichester, West Sussex, PO19 1LX
VAT No: 168 5906 65 - Registered in England & Wales - Company No: 8604834
Registered Office: 3 Lion Street, Chichester, West Sussex, PO19 1LW

خێزانە خۆشەویستەکان،

هیوادارین ئەم نامەیەتان بە باشی بگات بەدەست؟ وەک بەشێک لە پابەندبوونمان بە کراوەیی و ڕاستگۆیی بە درێژایی ماوەی پێداچوونەوەکە Review، هەوڵدەدەین زانیارییە نوێیەکان پێشکەش بە هەموو خێزانەکانی ناو پێداچوونەوەکە بکەین، تا بکرێت و بە هەستیارییەوە، تا ئەوەندەی کە دەتوانین. تکایە ئەم نوێکارییەی خوارەوە کە لە دۆنا ئۆکندن Donna Ockenden، سەرۆکی پێداچوونەوەکەوە هاتووە بخوێنەرەوە، سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی پێداچوونەوەکە Review و ئەمە مانای چییە بۆ ئەو خێزانانەی کە بەشێکن لە پێداچوونەوەکە Review.

تا ئەمڕۆ ٢٠٣٢ خێزان پەیوەندییان بە پێداچوونەوەکەوە Review کردووە. بۆ ئەوەی خێزانێک بێت لەناو پێداچوونەوەکەدا Review جێگیر بکرێت، دەبێت تۆ [مەرجەکانی کارکردن Terms of Reference]() بۆ پێداچوونەوەکە Review جێبەجێ بکات. شێوازی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی خێزانێک کە لە پێداچوونەوەکەدا Review جێگیر بکرێت یان لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی خێزانەکەوەیە؛ و/یان، تیمی پێداچوونەوە زانیاری دەزگاکە Trust وەردەگرێت لە ڕێگەی پرۆسەی 'کتێبی کراوە'. پرۆسەی 'کتێبی کراوە' 'open book' ، ئەو زاراوەیە کە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ئەو شێوازەی کە دەزگاکە Trust چاو لە تۆمارەکانیان دەکات بۆ ئەوەی بزانێت ئایا هەر کەیسێک مەرجەکانی کارکردنی پێداچوونەوەکە دەگرێتەوە یان نا.

ئێمە لەگەڵ ئەنتۆنی مەی Anthony May، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەزگای خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی بەریتانی NHS نەخۆشخانەکانی زانکۆی نۆتینگام و هاوکارەکانی کارمان کردووە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو حاڵەتە گونجاوەکان لە پێداچوونەوەی سەربەخۆدا جێگیرکراون. ئەم کارە هەندێک ناتەبای دەستنیشان کردووە. ئەم ناتەباییانە حاڵەتگەلێکن کە دەبوو پێشکەش بە پێداچوونەوەکە بکرایە، بەڵام نەکرا بوو. ناتەباییەکان پەیوەندییان بەم پۆلێنکاریانەوە هەیە:

- ئەو کۆرپانەی کە مردوون
- ئەو منداڵانەی کە مێشکیان بریندار بووە
- ئەو دایکانەی کە گیانیان لەدەستداوە

ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە ئەمە لە تێگەیشتنێکی هەڵەی ڕاستەقینەوە سەریهەڵداوە. بەپەلە ئەم کەیسە دەنێردرێت بۆ تیمی پێداچوونەوە Review Team. ئەمەش واتە لەلایەن تیمەکەمانەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، دەتوانین پشتگیری پێشکەش بەم خێزانانە بکەین و دامەزراوەکە لە ئەزموونی ئەم کەیسانە شت فێر دەبێت.

لە ئەنجامدا ژمارەی ئەو خێزانانەی کە بڕیارە لە پێداچوونەوەکەدا Review جێگیر بکرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات؛ پێشبینی دەکرێت ئەمە تا ٣٠٠ خێزانی نوێ بێت. پێشبینی دەکەین ژمارەی خێزانەکانی ناو پێداچوونەوەکە Review (کاتێک پێداچوونەوەکە لە کۆتایی مانگی مەی ٢٠٢٥دا لە حاڵەتە نوێیەکان دادەخرێت) نزیکەی ٢٥٠٠ خێزان بێت.

خێزانەکان لەبیریان دەبێت کە ئێمە هەمیشە وتوومانە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەمان لە کۆتایی مانگی سێپتێمبەری ٢٠٢٥ دا. کاتێک ئەم بەڵێنەمان دا، نزیکەی ١٧٠٠ لە خێزانمان لە ناو پێداچوونەوەکەدا Review هەبوو. تەنانەت بەبێ ئەوەی خێزانە نوێیەکان بەشداری پێداچوونەوەکە Review بکەن ژمارەی خێزانەکان تا ئەمڕۆ بۆ ٢٠٣٢ خێزان زیادی کردووە. لەگەڵ بەشداریکردنی خێزانە نوێیەکان لە پێداچوونەوەکە Review ئاگادارتان دەکەینەوە کە دەبێت بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە دوابخەین تا مانگی جوونی ٢٠٢٦، لەگەڵ فیدباکەکانی خێزان کە دوای بڵاوکردنەوە بەدوایدا بگەڕێین. ئەمەش دەرفەت دەدات بە تیمی پێداچوونەوە Review team کە پشتگیری پێشکەش بە هەموو خێزانەکان بکات، و ڕێگە بدات هەموو کەیسەکان بە بەرزترین ستانداردی پیشەیی پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت کە هەموومان چاوەڕێی

DonnaOckenden

Donna Ockenden Ltd. First Floor, 31 North Street, Chichester, West Sussex, PO19 1LX
VAT No: 168 5906 65 - Registered in England & Wales - Company No: 8604834
Registered Office: 3 Lion Street, Chichester, West Sussex, PO19 1LW

دەکەین. مەرجەکانی کارکردن Terms of Reference نوێ دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بەرواری بڵاوکردنەوەی نوێ و بەرواری داخستنی پێداچوونەوەکە بە حاڵەتە نوێیەکان ڕەنگ بداتەوە.

ئێمە دەزانین کە ئەم نوێکارییە ڕەنگە بۆ هەندێک خێزان قورس بێت بۆ بیبیستن، بۆیە ئەگەر هەست دەکەیت کە لەم کاتەدا پێویستت بە پشتگیری زیادە هەیە تکایە پەیوەندی بە تیمی پێداچوونەوە Review team، یان خزمەتگوزاری پشتگیری دەروونی خێزان (FPSS) بکە. ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدانتان بە هەر شوێنێک کە لە توانامانددا بێت.

ئەم ڕاگەیاندنە لە ڕۆژی شەممە ١ی فێبریوەری ئەنجامدراوە، و لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بەسەر هەموو خێزانەکانی پێداچوونەوەکەدا Review دابەشکراوە. ئێمە ئەم نامەیەمان بە پۆست ناردووە چونکە ئیمەیڵی ئێوەمان لا نییە. ئەگەر دەتەوێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە زانیاری نوێت پێ بدرێت، کە ڕێگە بە پەیوەندی خێراتر دەدات لە داهاتوودا، تکایە پەیوەندی بە ئۆفیسەکەمانەوە بکە بۆ بە بەکارهێنانی ئیمەیڵەکەت.

سوپاس.

Donna Ockenden دۆنا ئۆکندن

سەرۆک

پێداچوونەوەی سەربەخۆی خزمەتگوزارییەکانی منداڵبوون

**<u>پێداچوونەوەی سەربەخۆی خزمەتگوزارییەکانی منداڵبوون ( Independent Review of Maternity Services)</u>**

کاتی کردنەوەی: دووشەممە – هەینی، کاتژمێر ٩ی بەیانی-٥ی ئێوارە

ئیمەیڵ: nottsreview@donnaockenden.com

تەلەفۆن: 01243786993

**<u>خزمەتگوزاری پشتگیری دەروونی خێزان (FPSS)</u>**

خزمەتگوزاری پشتگیری دەروونی خێزان پشتگیری ئەو خێزانانە دەکات کە بەشدارن لە پێداچوونەوەی سەربەخۆی منداڵبوون لە نەخۆشخانەکانی جێبەجێکاری دەزگای خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی بەریتانی NHS نەخۆشخانەکانی زانکۆی نۆتینگام. ئەوان تیمێکی چارەسەرکەری باوەڕپێکراویان هەیە کە ئەزموونیان هەیە لە گەیاندنی چارەسەری دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی زەبر و زەنگ و لەدەستدان و کۆمەڵێک کێشەی دیکە دەبن.

پەیوەندی بکەن بە: 01152001000

ئیمەیڵ: enquiries@fpssnottingham.co.uk

ماڵپەڕ: www.fpssnottingham.co.uk